# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠)    ٢٧٢٤ی کوردی    ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زایینــی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:
پ.د. کاروان عومەر قادر
بەڕێوەبەری نووسین:
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-
- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەد زادە

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە
ISSN: 2520-4106
http;//gov.krd/ka

# ڕۆڵی فەیسبووک لە گەشەپێدانی کولتووری سیاسی
# توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە


**شێروان هادی محمد**

بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێژی ئاداب

زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر

sherwan.mohammed@su.edu.krd

**پ. ی. د. میران محمد صالح**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان / فاکەڵتی پەروەردە

زانکۆی سۆران / سۆران

meeran.salih@kue.soran.edu



**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵی سۆشیال میدیا(فەیسبووک) لە دروستکردنی هۆشیاریی سیاسی و دەرخستنی ئاستی کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی کولتووری سیاسی و دیاریکردنی گرنگترین پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی لە کۆمەڵگەدا،

سەرەڕای ئەمە گرنگی ئەم بابەتە بەو پێیەی کە سۆشیال میدیا (فەیسبووک) گۆڕاوی سەرەکییە لە دەرکەوتنی کاریگەری و بەدیهێنانی گەشەپێدانی کولتووری سیاسی لە کۆمەڵگەدا، لەلایەکی دیکەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە پەیوەندیی نێوان سۆشیال میدیا (فەیسبووک) و گەشەپێدانی کولتووری سیاسی و هۆشیاریی سیاسی شی دەکاتەوە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی تێۆرییە و بە میتۆدی وەسفیی شیکاری، چەند ئەنجامێکی بە دەست هێناوە لەمانە: ١- زانینی ڕۆڵی سۆشیال میدیا (فەیسبووک) لە دروستکردنی هۆشیاریی سیاسی لە کۆمەڵگادا. ٢- دیاریکردنی گرنگترین پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا (فەیسبووک) لە ئاڵوگۆرە سیاسی و کولتوورییەکان. ٣- دەرخستنی کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا (فەیسبووک) لەسەر گەشەپێدانی کولتووری سیاسی لە کۆمەڵگەدا.



کلیلەوشە: ڕۆڵ، فەیسبووک، کولتوور، کولتووری سیاسی

**پێشەکی**

تەکنەلۆژیا بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشەوەچوون و نوێبوونەوەدایە، بەمدوایە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، سەرەتاکانی ئەم پێشکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ بیست ساڵەی یەکەمی سەدەی ٢١، هۆکاری سەرەکیی ئەو گۆڕانکارییە بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دەگەڕێتەوە، کە دەرکەوتنی مێدیای نوێ و سۆشیال مێدیا بوو، یەکێکە لەمانەش تۆڕی فەیسبووك بوو، کە لە چەمك و تایبەتمەندی و ئامرازەکانییەوە لە میدیای کلاسیکی جیاوازە.

فەیسبووك نەك هەر بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و نامەناردن، بەڵکوو لە بڵاوبوونەوەی بوارە جۆراوجۆرەکان بەشداری هەیە، وەك بواری کولتووری و پرسە سیاسییەکان و کولتووری سیاسی و هۆشیاریی سیاسی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لای تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەم تەکنەلۆژیایە وای کردووە هەموو جیهانی کردووەتە گوندێکی بچووك و ڕێگای دووری نزیك کردووەتەوە و بازنەی پەیوەندییەکانی فراوان کردووە، سنوورەکانی سیاسی و جوگرافیایی تێپەڕاندووە و لە ڕووی کولتووری و ڕاگەیاندن و سیاسییەوەش شێوەیەکی جیهانگەرایی وەرگرتووە.

ئەم توێژینەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەوە ئەنجام دراوە تا لەو تەکنۆلۆژیا و ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە نوێیە تێ بگەین، هەروەها بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دەست کەوێت کە تەکنەلۆژیا بەتایبەت سۆشیال میدیا لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بەگشتی و سیستەمی سیاسی بەتایبەت دروستیان کردووە، هەروەها لەو گۆڕانکارییەش تێ بگەین کە بە هۆی سۆشیال مێدیاوە لە گەشەپێدانی کولتووری سیاسی هاتووەتە ئاراوە، ئەوجا لە کۆتاییەکەی بگەین بە ئەنجامی توێژینەوەکە.

توێژینەوەکە لە چوار بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم: دوو باس لەخۆ دەگرێت. باسی یەکەم: باس لە توخمە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەکات لەگەڵ دەستنیشانکردنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە. بەشی دووەم: دوو باس لەخۆ دەگرێت؛ یەکەمیان: سەبارەت بە نیشاندان و شیکردنەوە تیۆرییەکانی توێژینەوەکانە. دووەمیان: باس لە تیۆرییەکانی توێژینەوە دەکات. بەشی سێیەم لە دوو باس پێک دێت؛ باسی یەکەم: تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی سۆشیال میدیا (فەیسبووک) لە دروستکردنی هۆشیاریی سیاسیدا؛ و باسی دووەم: ئامرازەکانی دروستکردنی هۆشیاریی سیاسی دەستنیشان دەکات. بەشی کۆتاییەکەشی ئەنجام و پێشنیازەکانە.

**بەشی یەکەم**

**باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**١. گرفتی توێژینەوەکە**

پرۆسەی گەیاندن بە تەوەرێکی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنرێت لەڕێگای ڕاگەیاندنەوە، تاك دەتوانێت گوزارشت لە خودی خۆی و بیروبۆچوون و ئاڵوگۆڕی ئەزموون و شارەزاییی هەمەچەشن لەگەڵ کەسانی تر بکات.

ئەم گۆڕانکارییانە، جۆرێکی نوێ لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی تری هێنایە کایەوە، هەروەها بەشێوەیەکی زۆر کاری کردە سەر هەموو جۆرە پەیوەندییە مرۆڤایەتییە دوو ئاراستەییەکان بۆ چەندین جۆر ئاراستە. شۆڕشی نەوەی نوێی ئینتەرنێت بە پراکتیك و ئامرازە جۆربەجۆرەکانییەوە، لە پێش هەموویانەوە پێگە کۆمەڵایەتییەکانی (یوتیوب، تویتەر، فەیسبووك)، کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوتن، بوون بە دیاردەیەکی جیهانی کە خاوەن تایبەتمەندییەتی خۆیانن و جودان لە پێگە ئەلکترۆنییەکانی تر، هەر ئەوەشە تایبەتمەندییەکەی خۆی وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی سۆشیال میدیا بازدانێکی جۆری بەخۆیەوە بینی نەك هەر لە بواری گەیاندنی نێوان تاکەکان، بەڵکوو ئەو گەیاندنە کاریگەریی جۆراوجۆری لە هەموو بوارەکاندا هەبووە، بەشێوەیەك هەلی بۆ هەموو گەنجان و سیاسییەکان و توێژەران ڕەخساند، لە هەموو بوارەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن.

لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر ئەو کولتوورە سیاسییە دەکەینەوە کە خۆی لە کۆمەڵێک بیروڕا و زانیاری و ئاراستە سیاسییانەی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێنەوە، ئەویش چەندین جۆر گفتوگۆیە دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە لە کەشێکی کراوە و لە چینێکی فراوانی جەماوەر ڕوو دەدەن،

بـە تایبـەت لـە لای گەنجـان و مامۆسـتایانی زانکـۆ.

تێبینـی ئـەوە کـراوە تاکـەکانی کۆمەڵگـە، لەڕێـگای سۆشـیال میدیـاوە سـەبارەت بـە کۆمەڵێـک کێشـەی سیاسـی کارلێکیـان لەگـەڵ هەیـە، هـەر ئەمـەش وای لێکردیـن لەسـەر گرفتـی بەکارهێنانـی سۆشـیال میدیـا و بەسـتنەوەی بـە گۆڕانکاریـی کولتـووری سیاسـی و هۆشـیاریی سیاسـی بوەسـتین و شـیکردنەوەی بـۆ پەیوەندیـی ڕەهەندەکانـی لـە میانـەی جەختکردنـە سـەر سۆشـیال میدیـا لەسـەر ئـەو بنەمایـەش پرسیارە سـەرەکییەکەی ئـەم توێژینەوەیـە کـە بریتییـە لـە **«ئایا سۆشـیال میدیـا، ڕۆلی لـە گەشـەپێدانی کولتـووری سیاسـیدا هەیـە؟»** .کـە خـۆی لـەم چەنـد پرسـیارانە ئەبینێتـەوە:

ئایـا سۆشـیال میدیـا (فەیسـبووک)، بەپێـی ڕەگـەزەکانی توێژینـەوە، ڕۆڵـی لـە دەرخسـتنی ئاسـتی گەشـەپێدانی کولتـووری سیاسـی لای مامۆسـتایانی زانکـۆ هەیـە؟ ئایـا ئـەو پاڵنەرانـە چیـن کـە بوونەتـە هـۆی بەکارهێنانـی سۆشـیال میدیـا (فەیسـبووک) لـە لایـەن مامۆسـتایانی زانکـۆ؟ ئایـا سۆشـیال میدیـا (فەیسـبووك)، بەپێـی ڕەگـەزەکانی توێژینـەوە، ڕۆڵـی لـە دروسـتکردنی هۆشـیاریی سیاسـی لای مامۆسـتایانی زانکـۆ هەیـە؟

**٢. گرنگیی توێژینەوەکە**

ڕاگەیانـدن و کۆمەڵنـاسی، پەیوەندییەکـی زۆریـان بەیەکـەوە هەیـە، سۆشـیال میدیـا هۆکارێکـی سـەرەکیی گۆڕانکارییـە لـە کولتـوور و دابونەریتـی گەلانـدا، هەروەهـا دەرخسـتنی کـە تـا چەنـد سۆشـیال میدیا ڕۆڵـی هەیـە لـە گەشـەپێدانی کولتـووری سـیاسی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، ئـەوەش گرنگییەکـی مەزنـە بـۆ بـواری کۆمەڵنـاسی، چونکـە ئاراسـتەی کارکـردنی پسـپۆڕانی بوارەکـە و مامەڵەکردنیـان لەگـەڵ ڕاگەیانـدن دەستنیشـان دەکات.

لـە هەمـان کاتـدا گرنگییەکـی تـری ئـەم توێژینەوەیـە بـۆ بـواری ڕاگەیاندن لەوەدایـە دەرخسـتنی ڕاگەیانـدنی کـوردی تـا چ ڕادەیـەک و چـۆن و بـە چ شـێوازێک و کام جـۆری میدیـا ڕۆڵـی لەسـەر کولتـووری سـیاسی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هەبـووە، ئـەوەش دەبێتـە بەرچاوڕوونییـەک بـۆ میدیـا و میدیـاکارانی کەپـلان و سیاسـەتی کارکردنیـان زانسـتیتر و ئەکادیمیـتر دابڕێـژن بـۆ جێبەجێکـردنی ئەرکـەکانی ڕاگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا.

لەئێسـتادا یەکێـک لـە ئەرکـە گرنگـەکانی سۆشـیال میدیـا، بریتییـە لـە چارەسـەرکردنی کێشـە و ململانـێ لـە گەشـەپێدانی کولتـووری سـیاسی و پێکەوەژیـانی سیاسـدا، هەربۆیـە ئـەم توێژینەوەیـە دەکـرێ ڕاسـتی سروشـتی ئـەو ڕۆڵـە پێشـان بـدات، و دواجـار ببێتـە هۆکارێـک بـۆ سـوودگەیاندن بـە ڕەوتی گفتوگـۆی سیاسـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا.

هەروەهـا گرنگـی دیکـەی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە کـە هەوڵێکـە بـۆ دەوڵەمەندکـردنی بـواری کۆمەڵناسـیی ڕاگەیانـدن، کۆمەڵناسـیی سیاسـی، هەروەهـا لـە جەختکـردن لەسـەر شـیکردنەوەی تیـۆری بـۆ بـوارەکان و لایەنەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە خـۆی دەبینێتـەوە، کـە پێویسـتە بایەخـی پـێ بدرێـت. هەروەهـا هەوڵێکـە بـۆ کرانـەوەی کۆمەڵگاکەمـان بـە ڕووی جیهـان و هاتنـی تەکنەلۆژیـا، وەکـو ئینتەرنێـت و هـۆکارەکانی تـری ڕاگەیانـدن، وەک سۆشـیال میدیـا بەتایبـەت فەیسـبووک، کاریگەریـی زۆری کردۆتـە سـەر کۆمەڵـگا، لێـرەدا گرنگـی ئـەم بابەتـە لەوەدایـە کـە توێژینەوەیەکـی زانسـتییە سـەبارەت بـە جەختکردنـە سـەر سۆشـیاڵ میدیـا و گەشـەپێدانی کولتـووری سیاسـی و هۆشـیاریی سـیاسی لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا.

**٢. ئامانجی توێژینەوەکە**

لـەم توێژینەوەیـەدا توێـژەران هەوڵیـان داوە، کۆمەڵێـك ئامانـج بـە دەسـت بێنـن کـە دەکـرێ لـەم چەنـد خاڵـەی خـوارەوە بخرێنـە ڕوو :

١- دەرخسـتنی ئاسـتی کاریگەرییەکانـی سۆشـیال میدیـا لـە سـەر گەشـەپێدانی کولتـووری سیاسـیدا.

٢- زانینـی گرنگتریـن پاڵنەرەکانـی بەکارهێنانـی سۆشـیال میدیـا بـۆ ئاگاداربـوون لـە ئاڵوگـۆڕە سیاسـی و کولتوورییـەکان.

٣- زانینـی ڕۆڵـی سۆشـیال میدیـا لـە دروسـتکردنی هۆشـیاریی سیاسـیدا.

**٤. میتۆدی توێژینەوەکە**

لێـرەدا دەتوانیـن بڵێیـن، هـەر توێژینەوەیەکـی زانسـتی، میتـۆدی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، کـە توێـژەر لـە میانـی توێژینەوەکەیـدا بـۆ گەیشـتن بـە ڕاسـتییەکان، پەیـڕەوی لـێ

دەکات.

بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی ئـەم تویژینەوەیـە، توێـژەران پشـتیان بـە میتـۆدی وەسـفیی

شیکاری بەستووە.

**باسی دووەم: ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە**

چەمکـەکانی ئـەم توێژینەوەیـە بریتیـن لـە (ڕۆڵ، فەیسـبووک، کولتـوور، کولتـووری سـیاسی).

١- ڕۆڵ (Role):

ڕۆڵ لـــە ڕوانگـــەی (بارســـۆنز) کـــە پێـــی وایـــە ڕۆڵ بریتییـــە لـــەو کار و کۆششـــانەی کەســـێك یاخـــود لایەنێـــك دەتوانێـــت ئەنجامـــی بـــدات و کاریگـــەری هەبێـــت (Talcott-Parsons،1951:8).

ڕۆڵ ،جـــۆر یـــان شـــێوازێکە لـــە ڕەفتـــاری تاکـــە کـــەس لەڕێگـــەی ئـــەو ڕۆڵـــەی کـــە بـــە دەســـتی دەهێنێـــت، هـــەوڵ دەدات ببێتـە خـاوەنی پێگەیـەک لـە سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی( Ken Heap،١٩٧٧:١٣٩).

(میشـــێل و کارۆلیـــن ٢٠٠٥) پێناســـەی ڕۆڵ دەکـــەن پێیـــان وایـە ڕۆڵ بریتییـە لـە کـردەوەی خەڵـك، کـە سـەیر دەکرێـت، شـیاوە یـان نەشـیاوە، بـۆ بەکاربردنـی لـە پایەیەکـی یـان پێگەیەکـی کۆمەڵایەتـی، هەروەهـا جیاوازیـی نێـوان پێگـە ئەوەیـە کـە ئێمـە پێگەیەکـمان داگیـر کـردووە یـان هەمانـە کـە ڕۆڵـی تێدا دەگێڕیـن (Micheal H& Carolyan،2005:58).

لـــە هەمـــان کاتـــدا ڕۆڵ، چەمکێکـــە لـــە گۆشـــەنیگای دەروونناســـی و کۆمەڵناســـییەوە پێناســـە و لێکدانـــەوەی جیاجیـای بـۆ کـراوە، ڕۆڵـەکان دیـاردەی ڕێژەیـن، چونکـە لـە چوارچێـوەی زەمەنـدا گەشـە دەکـەن و لـە هـەر کات و شـوێنێکدا، توانـای گـۆڕان و نوێبوونەوەیـان هەیـە ( کارزان، ٢٠٠٨: ٩).

٢- فەیسبوک (Facebook):

فەیسـبووک بـە مانـای (ڕووی پەرتـووک) دێـت، کـە ئـەم نـاوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ڕێبـەرەی کـە هەنـدێ لـە زانکـۆ ئەمریکییـەکان دەیـدەن بـە قوتابییـە نوێکانیـان، کـە تێیـدا نـاو و وێنـەی هاوڕێکانیـان و زانیاریـی کـورت دەربارەیـان تێیـدا نـووسراوە کـە ئەمـەش یارمەتییـان دەدات بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی لـە نێـوان بەکارهێنەرانیـدا و ئاڵوگۆڕکـردنی زانیـاری و وێنـەی کـەسی و گرتـەی ڤیدیۆیـی.

هەروەهـــا فەیسـبووک یەکێکـــە لـــە گرنگتریـــن ماڵپـــەڕ و سۆشـیال میدیـا (پێگـەکانی تـۆڕی کۆمەڵایـەتی)، تەنیـا تۆڕێکـی کۆمەڵایەتـی نییـە، بەڵکـوو سـەکۆیەکی تەکنەلۆژیشـە، هەمـوو بەکارهێنەرێـک دەتوانێـت بەئاسـانی بـەکاری بهێنێـت

فەیسبووک، هاوشێوەی میدیا ئەلکترۆنییەکانی ترە. ئەمەش کە هۆکارگەلێکی وەکو خزمەتگوزاریی پەیام ناردن و گفتوگۆ لە نێو ئەم سیستەمەدا هەیە (Fox et al،2014:777 ).

لەلایەکـی دیکـەوە، "قـروی" لەبـارەی فەیسـبووك دەڵێـت: "بریتییـە لەناوەندێکـی پەیوەندیـی مەجازی کـە بەکارهێنەرانـی دەتوانـن لـە ڕێگـەی وێنـە و ڤیدیـۆوە پەیوەنـدی بـە یەکترەوە بکـەن و، لەسەرانسـەری وڵاتانـی دنیـاوە ببنـە هاوڕێـی یەکتر، بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی سـنووری جوگرافـی و ڕەنـگ و بـاوەڕ و ڕەگـەز، هەروەهـا دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ هەمـوو شـــوێن و گۆشـــەیەکی جیهـــان بـــێ ئـــەوەی پێویســـت بـــە ئامادەبوونـی جەسـتەیی بکات"(شـوانی،٢٠٢١: ١٨).

١- **کولتوور ( Culture):**

ئەنترۆپۆلۆجیسـتی بەریتانـی (تایلـۆر) پێـی وایـە (کولتـوور ئـەو پێکهاتـە ئاڵۆزەیـە کـە مەعریفـە، بیروبـاوەڕ، هونـەر، ئـەدەب، ڕەوشـت، یاسـا، نەریتـەکان دەگرێتـەوە و مـرۆڤ بـە دەسـتیان دەهێنێـت بـەو سـیفەتەی ئەندامـە لـە کۆمەڵـگادا (Conracl، 2006، 271). بـەڵام زۆربـەی ئەنترۆپۆلۆژیسـتەکان لەوانـە سپنسـەر، کرۆبـەر پێیـان وایـە کولتـوور، ڕەگـەزە نامادییـەکان لەخـۆ دەگرێـت، وەکـو مەعریفـە، بیروبـاوەڕ، هونـەر، یاسـا، دابونەریـت، ئادیـاکان و زمـان ( الحسـن، ١٩٩٩ ١٤)..

لەکاتێکـدا ڕادکلیـف بـراون پێـی وایـە کولتـوور پرۆسـەی تراديسـۆنێکی کولتوورییـە، واتـە پرۆسـەیەك کـە لـەو ڕێگەیـەوە لـە گرووپێـك یـان چینێکـی کۆمەڵایەتـی تایبەتـدا، زمـان، بـاوەڕ، گومـان، شـتە پەسـندکراوەکان، مەعریفـە، لێزانـی و عورفـە جۆراوجـۆرەکان دەسـت بـە دەسـت لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی دیکـە و لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر دەگوێزرێتـەوە( عثـمان ،٢٠٠٦: ١٥٦ ).

هەروەهـــا ســـترلاند و دوارد، هـــەردوو ئەنترۆپۆلۆجیســـتی ئەمەریکـی، بـەم جـۆرە پێناسـەی کولتـوور دەکـەن:

کولتـوور هــەر شـتێک دەگرێتــەوە کــە لــە نەوەیەکــەوە بــۆ نەوەیەکـی تـر بگوێزرێتـەوە. کولتـووری گەلێـک واتـە کولتـوورە کۆمەڵایەتییەکـەی کـە پێکهاتەیەکـە لـە بیروبـاوەڕەکان، هونـەر، بەهــا، یاســاکان، شــێوازی ئامادەکردنــی خــۆراك، ڕێگاکانــی گەیانــدن لەخــۆ دەگرێــت( ئاشــووری، ٢٠٠٨ :٣٢) .

ڕاڵیـف لێنتـوون دەڵێـت: کولتـوور بریتییـە لەسـەرەنجامی کۆکردنــەوەی مەعریفــە و ئاراســتەکان و جۆرەکانــی ڕەفتــاری هاوبــەش و گواســتراوە لەنێــوان ئەندامانــی کۆمەڵگایەکــی دیاریکــراودا ( زێبــاری و شــوانی ...٢٠١٣: ١٢٨-١٢٧).

لەلایەکــی تــرەوە، ڕەشــاد میــران دەڵێــت : کولتــوور بریتییــە لــە هەمــوو ئــەو دەســتکەوت و داهێنانــە مــاددی و مەعنەوییانــەی کــە لــە مــاوەی هەمــوو مێــژووی کۆمەڵــگادا وەدەســت هاتــوون و بــۆ بەڕێوەبردنــی ژیانــی ڕۆژانــە بــەکار دێــن (میــران،٢٠٠٩ :٥٨ ). هەروەهــا پێــی وایــە: کولتــوور واتــا شــێوازی ژیــان؛ هــەر نەتەوەیــەك شــێوازی تایبەتــی ژیانــی خـۆی هەیـە کـە جیایـە لـە شـێوازی ژیانـی نەتەوەکانـی تـر. کولتــوور هەمیشــە نەتەوەییــە و نیشــانە و ماکێکــی گرنگــی نەتەوەیــە ( میــران، ٢٠١٠: ٧٢)

٢- **کولتووری سیاسی (Political Culture):**

لاری دایمۆنــد، کولتــووری ســیاسی بــەم شــێوە پێناســە کـردووە: " ئاراسـتە و بەهـا و بیروبـاوەڕ و هەسـتەکانی خەڵـک، و هەڵســەنگاندییان بــۆ سیســتەمی ســیاسی لــە وڵاتەکەیــان ڕۆڵی تـاک تێیـدا". هەروەها(سـتیفن وسـبی) وەکـو ئاراسـتەکان و چۆنیـەتی تێڕوانینـی بـۆ بابەتـەکان. ئەمەشـیان بەشـێوەیەکی گشـتی لەسروشـتدا یـان جەخـت لەسـەر یـەک لایـەنی دیـاری کــراو بــۆ بابەتــەکان دەکات، هەروەهــا لایەنــەکانی تێڕوانینــی کولتــووری ســیاسی بونیــاد دەنێــت. (الجســور،٢٠٠٤ :١٤٤).

کولتــوور، بەگشــتی و سیاســەت بەتایبەتــی لــە نەوەیەکــەوە بــۆ نەوەیەکـی تـر دەگوێزرێتـەوە، واتـە کرداریکـی وەرگیـراو و بەردەوامـە و لەگۆڕاندایـە (صقـر،٢٠١٠: ٢٤).

ســیدنی ڤیربــا بــەم شــێوەیە پێناســەی دەکات: " وەکــو بیروباوەڕێــک و هێــمای دەربڕیــن و بەهــاکانی کــە دیــاری دەکرێــت بــە گوێــرەی شــوێنەکان کــە تێیــدا لــە کــرداری ســیاسی ڕوو دەدات (حلیلــو،٢٠١٢:٢٦) .

بــەڵام لێــرەدا مەبەســتمان لــە کولتــووری ســیاسی، سیســتەمێکە بەهــاکان و چەمکــەکان و دابونەریتەکانــە لــە ڕەفتــاری سیاســیماندا ڕەنــگ دەداتــەوە و دەگرێــت وبەهــۆی ئـەو بەهـاو نەریـت و هێمایانەیـە کـە لـە ڕەفتـاری سیاسـیماندا کۆنترۆڵــمان دەکات.

**بەشی دووەم**

**باســی یەکــەم: خســتنەڕوو و شــیکردنەوەی تیۆرەکانــی توێژینەوەکــە**

**دەستپێك:**

ئــەم توێژینەوەیــە بــاس لــە خســتنەڕوو شــیکردنەوەی تیۆروکانــی توێژینەوەکــە دەکات کــە دوو بــاس لەخــۆ دەگرێــت، لەباســی یەکەمــدا تیــۆری بــواری ڕاگەیانــدن وەك (تیــۆری بەکارهێنــان و تێربــوون)، لــە باســی دووەمــدا بــاس لەتیــۆری بــواری کۆمەڵناســی دەکەیــن کــە (تیــۆری کولتــووری سیاسـی)، کـە یـەک تیـۆر دەگرێتـەوە، کـە نزیکـە لـە بابەتـی توێژینەوەکــە.

**یەکــەم/ تیــۆرەکان تایبــەت بــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان**

(سۆشـیال میدیـا)

**تیـۆری بەکارهێنـــان و تێربـــوون (نظریـــة الاســـتخدامات والاشـــباعات)**

**أ- بەکارهێنان(الاستخدام)**

زۆرێـك لـە توێـژەران چەندیـن چەمـك یاخـود چەندیـن چەمکـی بەکارهێنانیـــان بـــەکار هێنـــاوە یـــەك لەوانـــە "لوکوادیـــك" کـــە پێـــی وایـــە بەکارهێنـــان (الاســـتخدام) چالاکییەکـی کۆمەڵایەتییـە، کـە چالاکیـی ئاسـایی دەگۆڕێـت لـــە کۆمەڵـــگادا، بەهـــۆی دووبارەبوونـــەوە و کۆنییەکـــەی، بووەتـە یەکێـك لـە پێویسـتییەکان بـۆ پڕکردنـەوەی پێداویسـتی و بەدەســـتهێنانی زانیـــاری، بـــەڵام "La Croix" پێشـــنیازی پێناســـەیەکی بـــۆ چەمکـــی بەکارهێنـــان (الاســـتخدام) کـردووە، کـە دەڵێـت بەکارهێنانـە کۆمەڵایەتییـەکان جۆرێـك بەکارهێنـــان و بەشـــێوەیەکی ڕێکوپێـــك و بـــە جۆرێکـــی تـــەواو سـەر هەڵـدەدات و بەدیـار دەکـەون، بـە جۆرێـك نەریتـەکان پێـــك دەهێنێـــت، لـــە ڕۆژانـــەی بەکارهێنـــەر خـــۆی فـــەرز دەکات، لیسـتی ئەنجامدانـی کولتوورییـەکان و دووبـارە خـۆی بەرهـەم دەهێنێتـەوە لەوانەیـە ڕووبەڕووبوونـەوەی هەندێـک جێبەجێکردنـی بەرامبـەر خـۆی بکات(بوخنوفـة، ٢٠٠٧: ٣٥).

**ب- تێربوون (اشباع)**

تێربـــوون بـــەوە پێناســـە دەکرێـــت کـــە بریتییـــە لـــە پێداویســـتییە گرنگـــەکان کـــە جێـــگای تـــاك دەگرێتـــەوە بـــۆ پڕکردنـــەوەی کەموکورتییـــەك، جـــا ناوخۆیـــی یـــان دەرەکـــی بێـــت (أحمـــد، ٢٠١٧: ٥). بـــەڵام لـــە تیـــۆری شـــیکاری دەروونـــی تێربـــوون (اشـــباع) واتـــە: کەمکردنـــەوەی ئاگایـــی، و ڕزگاربـــوون لـــە نیگەرانیـــی دوایـــی گەیشـــتن و بەدەســـت هێنانـی ئامانجـەکان (رایـس،٢٠١٦: ٥٠٣). بەگوێـرەی (تیـۆری بەکارهێنـــان و تێربـــوون)، تاکەکانـــی کۆمەڵـــگا بـــەوە وەســـف دەکرێـن، کـە بریتیـن لـە پاڵنـەرەکان بەهـۆکارە دەروونـی و کۆمەڵایەتییـەکان. لـە بەکارهێنانـی هۆیەکانـی ڕاگەیانـدن بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی چەنـد ئەنجامێکـی تایبـەت کـە پێـی دەگوترێـت تێربـووەکان (المشـبعون)(الدلیمي،٢٠١٤: ١٢٣).

**ج- پاڵنەر (الدافع)**

چەمکـی پاڵنـەر لـە زمانـی ئینگلیزیـدا ئاماژەیـە بـۆ وشـەی (motive) و ماناکەشـی بـە جوڵانـدن دێت.(أحمـد،٢٠١٧: ٥)

**ح- پێداویستی(الحاجة)**

بـن تونـس پێـی وایـە "پێداویسـتیی پاڵنـەری سروشـتی، ئـەو ئـارەزووە خۆڕسـکەیە کـە پـاڵ بـە مرۆڤـەوە دەنێـت بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجێکـی ناوەخـۆ یـان دەرەکـی، هەسـت یاخـود نەسـت(داخلیة کانـت أو خارجیـة، شـعوریة أو لاشـعوریة"(بن تونـس،٢٠١٥: ٢٣).

**دووەم: ڕیشەی مێژوویی تیۆری بەکارهێنان و تێربوون**

ڕیشـەی مێژوویـی تیـۆری بەکارهێنـان و تێربـووەکان، لـە سـاڵی ١٩٥٩ بـۆ زانـا "الیهـو کاتـز"* دەگەڕێتـەوە کـە لـە وتارێکیـدا وەڵامـی بۆچوونی"برنـارد بیرلسـون"دەداتەوە کـە بڕیـاری مەرگـی بـۆ توێژینەوەکانـی بـواری ڕاگەیانـدن دابـوو، "کاتـز" لـە وەڵامەکەیـدا پێـی وایـە بـواری توێژینەوەکانـی پەیوەسـت بـە ڕازیکردنـی مردووە(رایـس،٢٠١٦: ٥١٠).

چەمکـی بەکارهێنـان و تێربوونـەکان، لـە توێژینەوەیەکـی "کاتـز و بلومـر" لـە سـاڵی ١٩٦٩، هەڵبژاردنـە گشـتییەکانی بەریتانیـا لـە سـاڵی ١٩٦٤، پەرەسـەندنی بەخـۆوە بینـی، لـە میانـەی ئـەو توێژینەوەیـەدا زانیـاری بەدەسـت دێـت لەسـەر هۆکارەکانـی بینیـن، یاخـود بینینـی هەڵمەتەکانـی هەڵبـژاردن (بلوطـي، ١٩١٤: ٣٣).

تیـۆری بەکارهێنـان و تێربـووەکان، گرنگـی بـە توێژینـەوەی پەیوەندیـی جەمـاوەری دەدات، لێکۆڵینەوەیەکـی پیشـەیی ڕێکخـراو لـە چلەکانـی سـەدەی بیستەمدا، زانینـی ئەنجامـی جیاوازییەکانـی تـاك و جیاوازیـی کۆمەڵایەتـی، بـووە هـۆی زانینـی ڕەفتـاری پەیوەسـت بـە هۆیەکانـی ڕاگەیانـدن بـۆ سـەرەتای ڕووانینێکـی نوێـی پەیوەندیـی نێـوان جەمـاوەر و هۆیەکانـی ڕاگەیانـدن (المـکاوي و السـید،٢٠١٠: ٢٣٩).

"هویـت" ئامـاژە بـۆ بوونـی کۆمەڵـێ هـۆکار دەکات، کـە پـاڵ بـە تاکەکانـەوە دەنێـت بـۆ هۆکارەکانـی بەکارهێنـان، هەروەهـا پێداویسـتییەکانی تـاك دەکرێـت تێـر بکرێـن بەهـۆی خستنەڕووی هۆکارەکانـی پەیوەنـدی، لێـرەوە زاراوەی "تێربـووەکان" سـەری هەڵـدا (میـدان،٢٠١٦: ١٦٨).

ئـەو پێداویسـتیانەی کـە بەشـێکن لـە تیـۆری أبراهـام ماسـلۆ کـە تاکـەکان دەیانـەوێ لـە ڕێگـەی تۆڕەکانـی پەیوەندییـەوە پـڕی بکەنـەوە بریتیـن لـە:

١- پێداویسـتییە مەعریفییـەکان: بریتییـە لـە بەدەسـتهێنانی

زانیـاری لەبـارەی بابەتـی هەمەجـۆر و تێگەیشـتن لـە ژینگـەی دەوروبـەردا.

٢- پێداویسـتییە سـۆزدارییەکان: وەك بەدیهێنانـی چێـژەکان و پڕکردنـەوەی پێداویسـتییە سـتاتیکی و سـۆزدارییە هەمەجۆرەکانـی وەك پێداویسـتیی خۆشەویسـتی و هاوڕێتـی و کات بەسـەربردن.

٣- بەدیهێنانەکانـی خـودی: وەك سـەقامگیریی زیاتـر و متمانـە بەخۆکـردن، ئـەو پێداویسـتییانەش لـە حـەز و ئـارەزووی تاکەکەسـەوە سـەرچاوە دەگـرێ بـۆ بەرێـز لـە خۆیـان.

٤- پێداویسـتیی کارلێکـی کۆمەڵایەتـی: وەك هەڵاتـن و لـە بیربردنـەوەی کێشـە کەسـی و تایبەتییـەکان و حـەز و ئـارەزووی کات بەسـەربردن و تێکەڵبـوون لەگـەڵ بـاس و بابەتـە میدیاییەکان(شـوانی، ٢٠٢١: ٣٣).

**سـێیەم: قۆناغەکانـی پەرەسـەندنی دەروازەی بەکارهێنـان و تێربـوون**

دەروازەی بەکارهێنـان و تێربـوون لـە میانـی پەرەسـەندنیدا بـە سـێ قۆناغـی سـەرەکی تێپەڕیـوەوە، دەکرێـت بـەم جۆرەیـە کورتـی بکەینـەوە: ئـەو قۆناغـەش قۆناغـی ئاراسـتەی مەیدانییـە کـە جەخـت لـەو گۆڕانکارییـە دەروونـی و کۆمەڵایەتییانـە دەکاتـەوە کـە دەبێتـە هـۆی جۆرێکـی جیـاواز لـە بەکارهێنانـی هۆیەکانـی ڕاگەیاندنـدا:

**١. قۆناغی شیکردنەوە (المرحلة تحليلية):**

"کاتـز و بلومـر"، ئـەم قۆناغەیـان نـاو نـاوە قۆناغـی منداڵـی، ئـەو قۆناغـەش لـە چلەکانـی سـەدەی بیسـتەمەوە دەسـت پـێ دەکات و تاکـو پەنجایـەکان درێـژ دەبێتـەوە، ئـەو قۆناغـە گرنگـی داوە بـە پێشکەشـکردنی شـیکردنەوەی ئاراستە کۆمەڵایەتییـە جۆراوجـۆرەکان بـۆ جەمـاوەری هـۆکاری پەیوەندیـی پەیوەسـت بـە هەڵبژاردنـی ناوەڕۆکـی دیاریکـراو کـە بۆیـان دەخرێتـەڕوو و گرنگتریـن توێژینەوەکانـی ئـەو قۆناغـە، توێژینـەوەی هیرتـزوج لـە سـاڵی ١٩٤٢ (ممـدوح و حنـان، ٢٠١٤: ٥).

**١- قۆناغـی دیاریکردنـی چەمکـەکان (مرحلـة تحديـد المفاهيـم)،قۆناغـیدۆزینـەوە(المرحلـةالاستكشـافية):**

ئـەو قۆناغـە تاوەکـو پەنجـاکان و شێسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم درێـژ دەبێتـەوە، ئـەو قۆناغـەش قۆناغـی ئاراسـتەی مەیدانییـە کـە جەخـت لـەو گۆڕانکارییـە دەروونـی و کۆمەڵایەتییانـە دەکاتـەوە کـە دەبێتـە هـۆی جۆرێکـی جیـاواز لـە بەکارهێنانـی هۆیەکانـی ڕاگەیانـدن، کـە توانـی پێوانـەی ئارەزووەکانـی جەمـاوەر و ئاراسـتە دەروونـی و کۆمەڵایەتـی و ڕەفتارییەکانیـان بـکات، کـە ئەنجامەکـەی تێربوونـە و پەیڕەوی توێژینـەوەی چەندایەتـی دەکات، کـە لـە توێژینەوەکانـی قۆناغـی ڕابـردوودا نەبـووە لـە گرتگتریـن توێژینەوەکانـی ئـەو قۆناغـە توێژینەوەکانـی "الیاهـو کاتـز" لـە سـاڵی ١٩٥٩، توێژینەوەکانـی "بیرلسـون" لـە ١٩٥٩، و توێژینەوەکانـی ڕەیمونـد بایـر لـە ١٩٦٤ (عسـاوی، ٢٠١٤: ١٤٤).

**٢. قۆناغی لێکدانەوەیی (المرحلة التفسرية)**

لەتایبەتمەندییەکانـی ئـەم قۆناغـە بەکارهێنانـی کەڵەکەبـووە زانسـتی و توێژینەوەیـی و میتـۆدی هـەردوو قۆناغەکـەی پێشـووترە، توێژینەوەکانـی ئـەو قۆناغـە گرنگـی بـە بنەمـا دەروونـی و کۆمەڵایەتییـەکان و پێداویسـتییەکانی دەدات، ئـەو توێژینەوانـە پێداویسـتییەکانی دیـاری دەکات، بـۆ ڕوونکردنـەوەی ڕادەی تێربوونەکانـی بـە هـۆی هۆکارەکانـی ڕاگەیانـدن، یاخـود هۆیەکانـی تـر، هەروەهـا هەنـدێ توێژینـەوەی تـر هەیـە جەخـت لەسـەر بنەمـا کۆمەڵایەتییـەکان و پێشـبینییەکانی تـاك و تێربوونەکانیـان دەکاتـەوە، ئەمـەش لـە چوارچێـوەی کۆمەڵایەتـی تـاك دێتـە دی( أمینـة، ٢٠١٢: ٨).

**چـوارەم: تیـۆری بەکارهێنـان و تێرکـردن لەسـەر چەنـد گریمانەیـەک دامـەزراوە:**

١-جەمـاوەری وەرگـر بابەتـە میدیاییەکـە بـەکار دەهێنێـت بـۆ تێرکـردن پێداویسـتییەکان.

٢-بـە جۆرێـک جەمـاوەری چـالاک ئامـادە بکرێـت کـە بتوانێـت پاڵنـەر و پێداویسـت و سۆشـیاڵ میدیاکانـی دیـاری بـکات.

٣-جـۆری ئـەو سۆشـیال میدیایـەی بـەکاری دەهێنێـت کـە ئاسـتی کولتـووری وەرگـر و کۆمەڵـگا دیـاری دەکات و تیایـدا دەژێـت.

**شەشــەم: ئامانجــەکانی تیــۆری بەکارهێنــان و تێرکــردن، لەمانــەی خــوارەوە کــورت دەکرێتــەوە:**

١- دۆزینــەوەی چۆنیــەتی بەکارهێنــانی تاکەکــە بــۆ سۆشــیال میدیــا (فیســبووک).

٢- دۆزینــەوەی پاڵنــەرەکانی بەکارهێنــانی سۆشــیال میدیایــەک بــۆ ئامرازێکــی دیاریکــراو وەک (توێــژەر).

٣- تێگەیشــتنی قووڵــی کــرداری میدیایــی لــە میانــەی ئــەو دەرئەنجانــەی کــە توێــژەر پێــی دەگات.

٤- خســتنەڕووی ئــەو فێرکردنانــەی کــە پێویســتن و تاکــەکان هەوڵــی بــۆ دەدەن لەمیانــەی بەکارهێنــانی سۆشــیاڵ میدیــا.

**دووەم: تیۆری کولتووری سیاسی:**

ئــەم توێژینەوەیــە لــە چوارچێــوەی ئــەو ســوود وەرگرتنەیــە لـــە تیـــۆری جۆراوجـــۆر کـــە پەیوەندییـــان بـــەو کولتـــووره سیاســییە هەیــە کــە لەســەر تیــۆری ئەلمۆنــد و ڤێربــا بنیــاد نــراوە، چوارچێــوەی ســەرەکیی ئــەم تیــۆرە ســێ ڕەهەنــدی هەیــە: مەعریفــە و هەســت، بەهــا، کــە تاکەکانــی کۆمەڵــگا پەیوەندییــان بەلایەنەکانــی جیاوازیــی سیســتەم هەیــە، کــە لــەم ڕێگایــە دەتوانرێــت سەرمەشــقی کولتــووری سیاســی کۆمەڵگایــەك بــە دەســت بهێنرێــت یاخــود دیــاری بکرێــت.

لەســەر بنەمــای تیــۆری ئەلمۆنــد و ڤێربــا کــە خوێندنەوەمــان بــۆ کــردووە، لــە کولتــووری سیاســی، چــوار بنەمــا بــەکار دێــت:

١. تــاك پەیوەندییەکــی بــە سیســتەمی سیاســی و مێــژوو و یاســا هەیــە.

٢. تـــاك تاچەنـــد ئەندازەیـــەك زانیـــاری هەیـــە لەبـــارەی دەســـتەبژێر سیاســـی، دانەرانـــی سیاســـەت، بەتایبـــەت بیـــروڕاو تێڕوانینیـــان.

٣. تــاك چەنــد زانیــاری لەبــارەی جێبەجێکردنــی سیاســەت هەیــە.

تــاك خــۆی وەك ئەندامێــك لــە سیســتەمی سیاســی دەبینێــت. (فارسی) (Almond. Verba، 1989:16).

ناوەڕۆکــی کولتــووری سیاســی: لــە میانــەی دیاریکردنــی نــاوەڕۆك یــان ڕەهەنــدەکان یــان پێکهێنەرەکانــی کولتــووری سیاســیدا، زۆر شــت زیــاد کــراوە، بــەڵام زۆربەیــان تیــۆرن، کەمێکیــان سروشــتێکی کرداریــان هەیــە، لــە خــوارەوە گرنگترینیــان دەخەینــە ڕوو :

ســیدنی ڤێربــا ناوەڕۆکــی کولتــووری سیاســی لــەم ســێ ڕەهەنــدەی خــوارەوە دیــاری دەکات:

أ- هەســتکردن بــە شوناســی نەتەوەیــی: بــە گرنگتریــن بــاوەڕە سیاســییەکانی دادەنێــت، چونکــە هەســتکردنی هەمــوو یــان زۆرینــەی تاکــەکان بــە دڵبەندیــی بــۆ سیســتەمی سیاســی نەتەوەیــی یارمەتــی بەشــەرعیکردنی دەدات، زامنــی پشــتیوانیکردنی ئــەوان بــۆ سیســتەمەکە دەکات بــێ گوێدانــە ئــەو داهاتانــەی بەدەســتیان دەهێنــن. ئــەم لایەنگیریکردنــە بەردەوامــە بــۆی هەیــە سیســتم لــە قەیرانــە جیاجیــاکان و ئــەو ناڕەحەتییانــە ڕزگار بــکات کــە ڕووبەڕوویــان دەبێتــەوە.

ب- دەرهاوێشــتە حکومییــەکان: بــاوەڕی تاکــەکان بــە سیاســەتەکان و بڕیارەکانــی سیســتەمی سیاســی بــە جیاوازیــی تــەرزی کولتــووری سیاســی دەگۆڕێــت. لەهــەر شــوێنێك کولتوورێکــی لــۆکاڵ بــاو بێــت، ئــەوە بــە شــێوەیەکی گشــتی بۆشــاییەکی قــووڵ لەنێــوان جەمــاوەر و دەســەڵاتی ناوەندیــدا هەیــە، چونکــە تــاك داواکارییەکانــی خــۆی پێشکەشــی ئــەو نــاکات، پێشــبینی چاکەشــی لــێ نــاکات. لەبــڕی ئــەوە پشــت بــە خێزانەکــەی و گرووپــە ناوچەییەکــەی خــۆی دەبەســتێت لــە تێرکردنــی پێداویســتییە مــاددی و مەعنەوییەکانیــدا.

بەپێچەوانــەوە کولتــووری نەتەوەیــی چەنــد باوەڕێکــی تێدایــە پەیوەندییــان بــە چالاکــی و ئــەدای حکومەتــەوە لــە بوارەکانــی ژیانــی کۆمەڵایەتیــدا هەیــە، چونکــە تــاك درك بــەوە دەکات کــە دەتوانێــت گوزارشــت لــە داواکارییەکانــی خــۆی بــکات و دەشــێت حکومەتیــش وەڵامــی بداتــەوە.

ج- پڕۆســەی دروســتکردنی بڕیــار: ئــەو باوەڕانــەی پەیوەســتن بــە ڕەفتــاری حکومەتــەوە لــە داڕشــتنی بڕیــاردا، بریتییــە لــە دوا ســیمای کولتــووری سیاســی. ڕەنگــە لــە هەندێــك کۆمەڵــگادا تاکــەکان بایــەخ نــەدەن بــە زانینــی ڕێســا و شــێوازەکانی ئامادەکردنــی بڕیــار، بەڵکــو بایــەخ بــدەن بــەو زیــان، یــان ســوودانەی لــە بڕیارەکــە دەکەونــەوە. لــەم حاڵەتــەدا وەهــا ســەیریان دەکرێــت کــە ئــەوان زیاتــر ڕەعیــەت بــن زیاتــر لــەوەی بەشــداری ئەرێنــی نــاو پڕۆســەی سیاســی بــن، بــەڵام لــە کۆمەڵگاکانــی دیکــەدا، کولتــووری سیاســی جەخــت لەســەر پێویســتی بەشــداریکردنی تــاك لــە دروســتکردنی سیاســەتەکان و بڕیارەکانــدا دەکاتــەوە، نــەك هەرئەوەنــدەی لەســەر بێــت

كـە بڕیـارەكان دران، ئیـتر ئـەو گوێڕایەڵیـان ببێـت.

بـەڕای ڤێربـا ئەوەیـە بنچینەكانـی كولتـووری سیاسـی، ئـەو لـە گۆشـەنیگای پەیوەنـدی یكولتـوور بـە سیسـتەمی سیاسـیەوە دیـاری كـردووە، چونكـە تەركیزكردنـی لەسـەر توخمـی ئینتیمایـی نەتەوەیـی، پشبتەسـتن بـە حكومەتـی ناوەنـدی لـە وەڵامدانـەوەی داواكارییەكانـدا، لەگـەڵ بەشـداریكردن لـە پرۆسـەی دروسـتكردنی بڕیـاردا.

لـە بـواری توێژینـەوەی كولتـووری سیاسـیدا زەحمەتـە بتوانیـن هانـا ببەیـن بـۆ دیاركردنەكـەی ڤێربـا تـا سـنوورەكانی بكێشـین، چونكـە ئـەو دیاریكردنـە هەمـوو ئـەو شـتانە ناگرێتـەوە كـە دەشـێت لەنـاو كولتـووردا هەبـن (محجـوب،٢٠٠٩: ٥٨-٥٧).

شـێوازەكانی كولتـووری سـیاسی: پۆلێنـی زۆر بـۆ شـێوازەكانی كولتـووری سـیاسی كـراوە كـە هـەر یەكێكیـان جیـاوازە لەویـتر لـە دیارترینیـان پۆلێنـی گابریـل ئەلمۆنـد، و سـیدنی ڤێربـا G. Almond / S. Verba: هـەردوو توێـژەری ئەمریكـی شـێوازەكانیان دیـاری كـرد بـۆ پەیوەندییـان بـە سیسـتەمی سیاسـیی دیموكـراسی هەبـە، بۆیـە پێشـنیازی سـێ شـێوازیان كـرد:

**أ- كولتووری تەسك (الثقافة الضیقة)**

كـە ئەویـش بریتییـە لـە كولتوورێـك گشـت كولتـوورەكانی ناوخۆییـەكانی تێدایـە، كـە لەسـەر بنەمـای خزمایـەتی و ئاییـن و دابونەریـت دروسـت بـووە و پێـك دێـت، كـەوا پەیوەندیـی خزمایـەتی و هۆزایـەتی و تایفەگـەری كـە لەسـەر بنەمـای ئـەو پابەندبـوون و ئینتمایـی سـیاسی دیـاری دەكرێـت، تاكـەكانی ئـەو كۆمەڵگایانـە بـەوە جیـا دەكرێنـەوە كـەوا شـارەزاییان نییـە لەسـەر ئامانجـە سیاسـییەكان و ناتوانـن بـە هیـچ جۆرێـك بڕیـار لەسـەر كاروبـارە سیاسـییەكان بـدەن یـان هیـچ جۆرێـك لـە پشـتگیری یـان دژایـەتی بەرامبـەر سـەركردە سیاسـییەكان نیشـان بـدەن.

**ب-كولتووری ملكەچی (ملكەچ بوون)(ثقافة الخضوع)**

ئەمـەش كولتوورێكـە بـاوە لـەو كۆمەڵگایانـەی لـە بـەرەو پێشـچووندان. پشـت بـە دەسـتە و دەزگای سیاسی دەبەسـتن یـان پێـی دەگوترێـت دەوڵـەتی نیشـتمانی، لـەم جـۆرە كولتـوورە جۆرێـك لـە هەسـت و سـۆز و هۆشـیاری تێدایـە، و هەندێـك بڕیـار بەرامبـەر سیسـتەمی سـیاسی دەدەن، بـێ ئـەوەی پشـت بـە هـۆز و تایفـە ببەسـتن. بۆیـە دەكرێـت لـەم جـۆرە كولتـوورەدا، كولتوورێكـی نیشـتمانی ببینرێـت، هەروەهـا ئـەم كولتـوورە زیاتـر شـارەزایە بـە دەزگاكانی وەرگرتنـی پرسـیاری سـیاسی و كـردارەكانی، بـەڵام لـە بەرامبـەردا لـە بارێكـی نەرینـی لای تاكەكانـدا دروسـت دەكات بەرامبـەر ژیـانی سـیاسی. بۆیـە بـەردەوام چاوەڕێـی سیسـتەمی سیاسی دەكـەن بـۆ بەدیهێنـانی پێداویسـتییەكانیان و دابینكـردنی خزمەتگـوزاری گشـتی و ملكەچییەكـی تـەواو.

**ج_ كولتووری بەشداری كردن(ثقافة المشاركة)**

ئـەم كولتـوورە جیـا دەكرێتـەوە بـە لایـەنی مەعریفـی و هەسـتی بـەرز بەرامبـەر سیسـتەمی سیاسی و سـەركردەكانی، بە جیـاوازی لـە كاریگەریـی ئەرینـی و كـە لـە خاوەنەكانیاندایـە، هەروەهـا دەتوانـن بەشـداریی بكـەن لـە ژیـانی سـیاسی و توانایـی بەشـداربكردن لـە چالاكـی و كـرداری سـیاسی و گۆڕانـكاری و یاخـود چاكسـازی لـە ڕێـگای پیادەكـردنی ئامـرازی جۆراوجـۆر كـە لەبـەر دەسـتی تاكـەكان و دەسـتەكان و ڕێكخسـتنە جیاوازەكاندایـە، وەكـو هەڵبـژاردن، پەیوەندیـی سـیاسی، و خۆپیشـاندان جـۆری تـر لـە بەشـداریكردن كـە تەنیـا لـە سیسـتەمی دیموكراسـیدا هەیـە.

خـاوەنی ئـەم جـۆرە پۆلێنكردنـە پێیـان وایـە هـەر شـێوازێك لـەم شـێوازانە لەگـەڵ سیسـتەمێكی تایبـەت دەگونجێـت، بۆنموونـە كولتـووری چاودێـری پەیوەسـتە بـە بونیـادی سـیاسی كلاسـیكی، بـەڵام كولتـووری ملكەچبـوون پەیوەسـتە بـە بونیـادی سیاسـیی ناوەنـدی، بـەڵام كولتـووری بەشـداریكردن پەیوەسـتە بـە بونیـادی سیاسـیی دیموكـراسی. ( Almond and Verba:1989).

دوای گەڕانێكـی زۆر، بەپێـی زانیاریـی توێـژەران بۆیـان دەركـەوت كـە هیـچ توێژینـەوە و تیۆرێكـی دیكـەی بەهـادار هاوشـێوەی تیـۆری ئەلمۆنـد و ڤیربـا نییـە كـە توانـای دەرخسـتنی زیاتـری چەمكـی كولتـووری سیاسـی هەبێـت، تەنهـا هەندێـك توێژینـەوەی مێژوویـی لـە لایـەن هەندێـك توێـژەرەوە ئەنجـام دراون كـە ناكرێـت بخرێتـە قاڵبـی تیـۆری زانسـتییەوە.

**باســی دووەم : پراکتیزەکردنــی تیــۆرەکان لەســەر بابەتــی توێژینەوەکــە**

لەسـەر ئاسـتی جیهـان و لـە زانکـۆ و پەیمانـگا و ناوەنـدە ئەکادیمیەکانـدا چەندیـن توێژینـەوەی زانسـتی ئەنجـام دراون، کـە پەیوەندییـان بـە ڕۆڵـی سۆشـیال میدیـا و ئامرازەکانـی ڕاگەیانـدن لەسـەر گەشـەپێدانی کولتـووری سیاسـی هەیـە، بابەتـی توێژینەوەکەشـمان بریتییـە لـە : ڕۆڵـی سۆشـیال میدیـا لـە گەشـەپێدانی کولتـووری سیاسـی، کۆمەڵگـەی کـوردی ئێمـەش وەك هـەر کۆمەڵگەیەکـی جیهانـی تاکەکانـی بەهەمـان شـێوەی کۆمەڵگەکانـی دیکـە کاریگـەر دەبـن بـە ناوەڕۆکـی ئـەو پەیـام و بابەتانـەی لـە فەیسـبووك بـڵاو دەبنـەوە و بـاس دەکرێـن، هەربۆیـە و لەبـەر بەرچاوڕوونـی ئـەو تیۆرانـەی لەسـەرەوە باسـمان لێـوە کـرد بـاس لـە سۆشـیال میدیـا دەکەیـن.

لەسـەروە ئاماژەمـان بـە هەنـدێ تیـۆر کـردووە وەك (تیـۆری بەکارهێنـان و تێربـوون، تیـۆری کولتـووری سیاسـی)، هەریەکێکیـان گرنگـی تایبەتـی خـۆی هەیـە بـۆ بابەتـی توێژینەوەکـە، بەتایبـەت تیـۆری کولتـووری سیاسـی تیـۆری بەکارهێنـان و تێربـوون.

ئـەوەی پەیوەنـدی بـە تیـۆری بەکارهێنـان و تێربـوون لـە توێژینـەوەی ڕاگەیانـد ن و سۆشـیال میدیـا بایەخـی زۆری پـێ دەدرێـت، لـە توێژینـەوە ئەکادیمییەکانـدا بەتایبـەت لـە بـواری ڕاگەیاندنـدا، چونکـە هـۆکاری بەکارهێنـان و پڕکردنـەوە بنەڕەتییەکانـی پەیوەسـت بـە سۆشـیال میدیـا، وەك تۆڕێکـی کۆمەڵایەتـی هەمـان ئـەو هۆکارانـەی تێدایـە لـە تیـۆری بەکارهێنـان و تێربوونـەوە هەیـە، وەك: پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و دروسـتکردنی هاوڕێتـی و یـاری و کاتبەسـەر بـردن، ئاشـنابوون بـە کولتـوور و بەهـا و هۆشـیاریی سیاسـی و زانیـاری لەسـەر ڕای گشـتی و زانیـاری وەرگرتـن لەسـەر هەواڵەکانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و پروپاگەنـدە بـە شـێوەیەکی گشـتی هەمانـە هـۆکارن بـۆ ئـەوەی تاکەکانـی کۆمەڵـگا ڕوو لـە سۆشـیال میدیـا بـکات بـە ئامانجێکـی تێربوونیـان و (پڕکردنەوە)یـان، چونکـە سۆشـیال میدیـا توانیویەتـی کۆمەڵگەیەکـی وەهـا بـۆ خەڵکانێکـی زۆر بڕەخسـێنێت، کـە دەتوانـن بەهۆیـەوە زۆرێـك لـە پێداویسـتییەکانیان پـڕ بکەنـەوە وەک: مومارەسـەی سیاسـی و دەربڕینـی بیروڕاکانیـان. لێـرەدا دەتوانیـن بڵێیـن کاریگەریـی و ڕۆڵـی لەسـەر گەشـەپێدانی کولتـووری سیاسـی و هۆشـیاریی سیاسـی لـە دەسـەڵاتدا دەبـێ.

بـەڵام ئـەوەی پەیوەندیـی بـە تیـۆری کولتـووری سیاسـییەوە هەیـە، لـە توێژینـەوە ئەکادیمییەکانـدا لـە بـواری کۆمەڵنـاسی و سیاسـیدا، گرنگـی تایبـەتی خـۆی هەیـە، ئـەم تیـۆرە زیاتـر لـە تیۆرەکـەی هـەردوو زانـای ئەمەریکـی گرنگـی پـێ دراوە وەک لەسـەرەوە لـە تیۆرەکـە بـاسی لێـوە کـراوە، کـە زیاتـر گرنگـی بـە سـێ شـێوازی کولتـووری داوە بـۆ پەیوەندییـان بـە سیسـتەمی سیاسـیی و کۆمەڵایـەتی نـاو کۆمەڵـگا، کـە هەریـەک لـەم شـێوازانە بـاس لـە لایەنێکـی تایبـەتی سیسـتەمی سیاسی دەدەن، وەک کولتـووری تەسـک، کولتـووری ملکـەچ بـوون، کولتـووری بەشـداری کـردن. هەروەهـا لـەم تیـۆرەدا بـاس لـەوە دەکات کـە تاکـەکان دەبـێ هەسـت بـە شـوناسی نەتەوەیـی بکـەن، بـۆ ئـەوەی سیسـتەم لـە قەیرانـە جیاجیـاکان و نارەحەتییانـە ڕزگار بـکات کـە ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە. هەروەهـا ئـەم تیـۆرە زیاتـر جەخـت لەسـەر پێویسـتی بەشـداریکردنی تـاک لـە دروسـتکردنی سیاسـەتەکان و بڕیارەکانـدا دەکاتـە، نـەک هـەر ئەوەنـدەی لەسـەر بێـت کـە بڕیـارەکان دران، بەڵکـوو ئیـتر ئـەو گوێڕایەڵیـان ببێـت.

**بەشی سێیەم**

**باســی یەکــەم: ڕۆڵــی سۆشــیال میدیــا لــە پێکهێنانــی هۆشــیاریی ســیاسی**

**دەستپێك**

بەهـۆی ئـەوەی زۆرینـەی نەتەوەکەمـان نەخوێنـدەوارن" نـەك هـەر ئاسـتی ڕۆشـنبیریان، بەڵکـو هۆشـیارییان بەگشـتی و لەوانـە هۆشـیاریی سیاسـییان نزمـە، بـەڵام ئـەو کوردانـەی لـە مەیدانـی سیاسـی کار دەکـەن چ بەهـۆی پەیداکردنـی شـارەزای و کارامەیـی یـان لەڕێـی وەرگرتنـی پسـپۆڕی لـە زانکۆکانـدا بەشـێکیان هۆشـیاریی سیاسـی باشـیان پەیـدا کـردووە.

زۆرێـك لـە تاکـی کـوردی بـە هـۆی بـاری ژێردەسـتەیی و چەوسـانەوە و ڕۆژانـە ناخۆشـی و سـتەم لـە دەسـت داگیرکەرانـی کوردسـتان" بـە حـەز و بـێ حـەز، ناچـار بایەخ

بــە سیاســەت دەدەن. بــەهۆیــەوە بەشــێکی کــورد لــە ڕەوتــی بەســەرهات و ڕووداوە سیاســییەکان، چاودێریکــردن و بەدواداچوونــی گۆڕانــەکان، توانــای سیاســییان پەیــدا کــردووە.

هۆشــیاریی سیاســی بــەو واتایەیــە کــە هاووڵاتــی مــاف و ئەرکــە سیاســییەکانی خــۆی بزانــێ، هەروەهــا بزانــێ کــە چ دەگــوزەرێ و ڕوو دەدات لــە دەوروبــەری، ئــەو هاووڵاتییــە توانــای وێنابینییەکــی گشــتگیری هەبــێ بــۆ واقیعــی دهوروبــەری وەك ڕاســتییەکی گشــتی کــە توخمەکانــی ئــەو واقیعــە پەیوەســتی یەکتریــن نــەك لێکەوتە(واقع)ەکانــی پــەرش و بــڵاو و لێــك جیابــن، ئــەم هۆشــیارییە سیاســییەش دەوەســتێتە ســەر ئاستی گەشــەکردوویی هۆشــیارییەکەی، هۆشیاری بریتییــە لــە ئاراســتەیەکی عەقڵــی کــە تــاك دەتوانــێ درك بــە خــودی خــۆی بــکات، هەروەهــا درك بــە ژینگــەی دەوروبــەری ئــەو گروپەیــە بــکات کــە ئینتــمای بــۆی هەیــە، وەك ئەندامێکــی ئــەم گروپــە، کەواتــە چالاکییەکانــی پەیوەندیکــردن هاوکاریــی تــاك دەکات کــە ڕوانینــی بــۆ خــۆی هەبــێ و هەســت بــە گێڕانــی ڕۆڵــی ئەوانیــتر بــکات و دەوروبــەر مەرجێکــی بنچینەییــە بــۆ دەرکەوتنــی هۆشــیاری (ئەرشــەد، ٢٠١٤ :٣٧-٣٨).

## ١- چەمکی هۆشیاریی سیاسی

محمــد عبدالحمیــد پێــی وایــە هۆشــیاری بریتییــە لــە پرۆســەیەك کــە عەقــڵ پێــی هەڵدەســتێت لــە میانــەی زانینــەکان بــە دیاریکردنــی ئامــاژە و مانایــی هەســتییەکان، ئەمــەش بــەو مانایــە دێــت کــە تــاك هەڵدەســتێت بــە شــیکردنەوەی نامــەکان بــە مانــای هاوشــێوەی خۆیــدا (علي، ٢٠٠٥: ٣٧٠). هەروەهــا ســوزان بلاکــور پێــی وایــە هۆشــیاری بریتییــە لــە ئەزموونێکــی خــودی یــان ئەزموونێکــی دیاردەیــی، یــان ڕووکەشــی بــەو مانایــەی کــە شــتەکان چۆنــن بۆمــن، لەبەرامبــەر چۆنیەتییــان لــە ڕووی بابەتییــەوە، واتــە هۆشــیاری بریتییــە لــە درك و هەســتەکانی مــرۆڤ کــە تاکــی وەرگــر پەنایــان بــۆ دەبــات (الطیــار، ٢٠١٤ :٦١).

پێناســەی شــیتۆلن بــۆ هۆشــیاریی سیاســی، بریتییــە لــە کۆمەڵێــك بیــروڕا، کــە چینێــك یــان گروپێکــی سیاســی پەیــڕەوی دەکــەن، هەروەهــا کیغنغــۆ پێــی وایــە کــە هۆشــیاریی سیاســی، بریتییــە لــە ئاســتی هۆشــیاریی گــەل بــە سیاســەت و توانــای ئــەو گەلــە بــۆ گەشــەپێدانی سیاســەتێکی بــاش، لــە ڕێــگای بەشــداریی سیاســی بــۆ دروســتبوونی سیاســەتێکی نیشــتمانی بــە ئامانجــی گەشــەپێدانی نیشــتمان. لــە هەمــان کاتــدا زانایانــی سیاســی، پێناســەی هۆشــیاریی سیاســی دەکــەن بــەوەی کــە بریتییــە لــە کۆمەڵێــك بیــرو ڕاو زانیــاری کــە تــاك هەیەتــی، پەیوەســتە بــە کۆمەڵگایەکــەی، یــان کۆمەڵــگای دەرەکــی، و پەیوەســتە بــەو بابەتــە سیاســییە جیــاوازە. هەروەهــا ئــەم زانیارییانــە لــە میانــەی کولتــووری سیاســی بەدەســت دەهێنرێــت ئەویــش لــە ئەنجامــی پرۆســەی پێگەیاندنــی سیاســی لــە دامــودەزگای سیاســیی جیــاواز دروســت دەبێــت (.قحطــان، ٢٠٢٠ : ٢٣).

## ٢- گرنگی هۆشیاریی سیاسی :

هۆشــیاریی سیاســی دیموکراســیەت بەهێــز دەکات لــە لای تــاك، هەروەهــا تێڕوانینــی بــۆ کێشــە و پرســەکانی نیشــتمانی و نەتەوەکــەی، هەروەهــا تێڕوانینــی بــۆ بــارودۆخ و کاریگــەری بــۆ ســەرکۆمەڵگا بــە شــێوەی شــیکردنەوەیەکی زانســتییانە دەبێــت، چونکــە هۆشــیاریی سیاســی لــە لای کۆمەڵگاکــە بناغــەی پراکتیکــی و کرداری دیموکراسیەتە (محمد،٢٠١٢ :٤٩)، بــەو پێیــەی هۆشــیاریی سیاســی توانــا بــە گــەلان دەبەخشــێت بــۆ تێگەیشــتنی بارودۆخــی سیاســی و درککــردن بــە سیاســەت لــە لایــەن گشــت بزووتنــەوەکان، کــە لــە گۆڕەپانــی سیاســی ڕوو دەدەن، چونکــە هۆشــیاریی سیاســی لــە پرســە نەتەوەییــەکان بــە بنەمــای کاری یەکگرتوویــی دادەنرێــت یاخــود هاوبــەش، کــە تیایــدا هەســت و ویــژدان و گــەل یــەك دەگرێــت بــۆ ســەرکەوتنی پرســە هاوبەشــەکان.

لەگــەڵ ئەوەشــدا هۆشــیاریی سیاســی توانــای تــاك بــەرز دەکاتــەوە بــۆ شــیکردنەوەی بابەتییانــەی ڕووداوە سیاســییەکان، و بەهێزیــان دەکات بەرامبــەر هۆشــیاریی نادروســت یاخــود هەڵــە، ئەوانــەی ڕەگەزپەرســتی و مەزهەبیــەت تیایــدا باڵادەســت بێت(یحــاوي، ٢٠١١: ).

هەروەهــا بــە بناغــەی ســەرەکی دادەنرێــت بــۆ بنیادنانــی نەتــەوە، نەبوونــی هۆشــیاریی سیاســی کاریگەریــی نەرێنــی خراپــی دەبێــت لەســەر بونیادنانــی کۆمەڵگایەکــی سیاســی و دیموکراســی، نەبوونــی هۆشــیاریی سیاســی دەبێتــە هــۆی

نەبوونی تێڕوانینی ڕوون بۆ پێگەیشتنی کۆمەڵگایەکی سیاسیی و کولتووری . هەروەها بەهاکانی ژیان هەرەس دێنێت و هاوسەنگی لە کۆمەڵگادا نامێنێت، هەر پاشگەزبوونەوەیەك لە بونیادنانی هۆشیاریی سیاسی، ڕۆڵی کۆمەڵگا لاواز دەکات، لە ئەنجامی نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵگا ناتوانێت بە بارودۆخی خۆیدا تێ بگات.(النخبة الجزائرية الشابة، ٢٠١٢ : ٣٢ ). خاڵە لاواز و بەهێزەکانی دیاری بکات.

عساف پێی وایە نەبوونی هۆشیاریی سیاسی دەبێتە هۆی جۆرێك لە دروستبوونی هۆشیاریی سیاسی و نزم بوونەوەی ئاستی مەعریفەی سیاسی، هەروەها دەبێتە هۆی گوێنەدان بە ڕووداوەکانی گۆڕەپانی نیشتمان، و تەسکبوونەوەی هزر و تێ نەگەیشتن لە پرسەکانی نیشتمان و جیهان بەگشتی لە سەرهەڵدانی هەندێک ڕەفتاری نامۆ و نەبوونی ئینتما و زیادبوونی هەستکردن بە نامۆیی( محمود، ٢٠١٣: ٧٧ )، چونکە هۆشیاریی سیاسی کولتوورێکی بەرز دەخولقێنێت سەبارەت بە ئاراستەی ڕووداوەکە، کە لە میانەیدا تاك دەتوانێت درك بە ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی دەوروبەری بکات، هەروەها ئینتمای نەتەوەیی خۆی بپارێزێت.

**باسی دووەم: ئامرازەکانی دروستبوونی هۆشیاریی سیاسی**

ئامرازەکانی دروست بوونی هۆشیاریی سیاسی هەمەجۆرن لە لای تاك، کە لە میانەیدا تاك زانیاری و ڕاستییەکان و بەهاکانی وەردەگرێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاراستە و هەڵوێستی کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و مامەڵەی ڕۆژانەی دەبێت لەوانەش:

**١- خێزان**

خێزان بەبنەمای سەرەکی بونیادی کۆمەڵگا دادەنرێت، و یەکەم دەزگایە منداڵ تیایدا گەشە دەکات، هەروەها بنەمای هزری وەردەگرێت لە خێزاندا بە مەبەستی خۆگونجاندنی تاك لە ناو خێزاندا، هزرو ئاراستە نوێیەکان وەردەگرێت، چونکە خێزان یەکەم سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیاری و بەهاو باوەڕە سیاسیەکانە، چونکە ڕۆڵی خێزان، بریتییە لە گواستنەوەی ماناکان بۆ تاك، وەکو بەهای شوناس و نیشتمان و مێژوو (ئەرشەد، ٢٠١٤ : ٤٨-٤٩). زانای کۆمەڵناسی فەڕەنسی دۆرکهایم پێی وایە، دایك و باوك و خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵێکی سیاسی ڕۆڵێکی زۆریان هەیە، لەبەر ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی ڕۆشنبیریی سەرەتایی لە خێزان و دایك و باوکدا هەیە، خێزان سەرەتایەکی سیاسییە و سەرەتایەکە بۆ پەروەردەیەکی سیاسی بۆ منداڵ، بە مەش لە زانستی دەروونی سیاسی منداڵ دەردەکەوێ (الاسود،١٩٩٠: ٤٣٨).

**٢- دامودەزگا فێرکارییەکان**

دامودەزگا فێرکارییەکان بە گشت پیکهاتەکانەوە بەتایبەت قوتابخانە و زانکۆکان بە یەکێك لە ئامرازەکانی دروستبوونی هۆشیاریی سیاسی دادەنرێت، چونکە بە گرنگترین ڕۆڵ هەڵدەستیت لەمیانەی فێرکردن و چاندنی بەهاو چاکە لە دەروونی تاك وەکو خۆشەویستیی نیشتمانی و ئینتما.

قوتابخانە بە هۆکارێکی تر دادەنرێ لە هۆکارەکانی گەشەکردنی سیاسی کە مانای دەستکەوتنی هۆشیاریی سیاسی دەدات و، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەشەکردنی ڕەفتاری سیاسیی تاك دوای خێزان دێ. قوتابخانە ڕۆڵ دەبینێ لە ڕیگەی شێوازی فکرەکان و ئاراستەکانی کە لە کۆمەڵگا هەیە، لە ڕێگەی هۆکار و ئامرازە دیارو ناسراوەکان (أحمد، ١٩٨٨: ٤١٢).

لە هەمان کاتدا زانکۆ گرنگترین دامەزراوەیە بۆ بەرهەمهێنانی کادیر و بیرمەند و پەرەپێدانی. لە وڵاتە پیشکەوتووەکان زانکۆکان لە ڕێگەی بەشداریکردنی لە دروستکردن، یان بڕیاردانی سیاسی بۆ کۆمەڵگا، کاریگەریی لەسەر لە کۆمەڵگا دروست دەکات، هەمیشە زانکۆکان لە جێگەی هێزی فشار بوونە لەسەر حکومەت، چونکە زانکۆ کار لەسەر ڕۆشنبیریکردنی خەڵك دەکات و بە دانانی پلان و بەرنامەی کارپێکراو و بنکە لێکۆڵینەوەکان کار لەسەر زیادکردنی هۆشیاریی سیاسی و بڵاوکردنەوەی لەنێوان قوتابییان و خەڵك و کۆمەڵگا دەکات، ڕۆڵی زانکۆ لە هۆشیاریی سیاسی دەردەکەوێ لە ڕێچکەی گرنگیدانی زانکۆ بە ڕووداوەکان و بارودۆخی سیاسی کە کۆمەڵگە پیایدا تێپەڕ دەبێ، بەتایبەتی لە زانستی مرۆڤایەتیدا،

نموونـه هەیـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە ڕۆڵـی زانکـۆ لـە هۆشـیاریی سیاسـی و کاری سیاسـی، نابـێ زانکـۆ لـە کۆمەڵـگا جیـا بکرێتـەوە، بەڵکـوو دەبـێ ببەسـترێتەوە بـە کۆمەڵـگاوە، ئـەو کێشـانە بزانـێ کـە لـە کۆمەڵـگا ڕوو دەدەن، هەمـوو هەوڵێـك بـدات بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەر بۆیان.(ئەرشـد، ٢٠١٤ : ٤٨-٤٩).

**٣- پارتە سیاسییەکان**

پارتـە سیاسـییەکان ڕۆڵێکـی کارا لـە دروسـتبوونی هۆشـیاریی سیاسـی دەگێـڕن، چونکـە کار بـۆ ئاسـانکردنی پرۆسـەی سیاسـی و دروسـتکردنی هەسـتی سیاسـی لای هاونیشـتمانیان دەکـەن، هەروەهــا زانیاریــی سیاســی بــە هاوواڵاتیــان دەبەخشــن، کادیــری سیاســییش ئامــادە دەکــەن؛ لــە هەمــان کاتــدا پارتـە سیاسـییەکان بـۆ ئـەوە دامـەزراون کـە گوزارشـت لـە بەرژەوەندیەکـی گشـتی دیاریکـراو بکـەن، کەواتـە پـارتی سیاسی لەسـەر بنەمـای جیـاکاری و بەرژەوەنـدی دادەمەزرێـت (نجــار، ٢٠٢١:٢٢٥).

زۆرجــار پارتــە سیاســییەکان، لــە ســەرەتاکانی گەشــەکردنی سیاسـییاندا، وەک ئامرازێـک وان بـۆ هۆشـیاریی سیاسـی؛ لـە کۆمەڵـگا پێشـکەوتووەکان ڕۆڵـی پارتـەکان، وەک سـێیەرێک وان بــۆ هۆشــیاریی سیاســی و زۆرجــار ئاراســتەکانی پارتــە سیاسـییەکان لـە وڵاتـە پێشـکەوتووەکان بەسـتراوەتەوە بـەو بنەمایانـەی لـە خێـزان و قوتابخانـە فێـر دەکرێـن، بـەڵام لـە وڵاتـە دواکەوتووەکانـدا پارتـەکان ڕۆڵیـان کەمـترە، چونکـە ئـەو بنەمایانـە دادەڕێـژێ کـە زۆرجـار جیـاوازی نییـە لەگـەڵ ئـەو بنەمـا سیاسـیانەی گـەورەکان لـە منداڵییـەوە فێـری دەبـن، هەروەهــا لــەو کۆمەڵگایانــەدا پێشــکەوتن و گۆڕانکاریــی کـورت کراوەتـەوە لـە پارتـە سیاسـییەکان.(الغزالي،١٨٢).

**٤- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

ئامرازەکانـی ڕاگەیانـدن بەفاکتەرێکـی کاریگـەر دادەنرێـت بـۆ گەشـەپێدانی هۆشـیاریی سیاسـی، بـەو پێیـەی هانـدەر بێـت بـە چەسـپاندنی بەهـای سیاسـی لای تـاك لـە میانـەی ئـەو زانیارییانـەی پیشکەشـی دەکات، کـە ئەمـەش دەبێتـە هــۆی دروســتبوونی بەهــا و ئاراســتەی سیاســی، هەروەهــا ڕۆڵــی دەبێــت لــە پرۆســەی پێگەیاندنــی سیاســی و هاندانــی هاووڵاتیــان بــۆ بەشــداریی سیاســی، و گۆڕانکاریــی سیاســی.

بۆیــە ئامرازەکانــی ڕاگەیاندنــی نــوێ (میدیــای نــوێ)، بەتایبــەت پێگەکانــی سۆشــیال میدیــا، بــوون بــە فاکتەرێکــی گرنــگ بــۆ ئامادەکــردن و پیداویســتییەکانی گۆڕانکاریــی سیاســی، لــە ڕێــگای دروســتکردنی هۆشــیاریی سیاســی، چونکـە ئـەو ناوەڕۆکـەی کـە سۆشـیاڵ میدیـا پەخشـی دەکات و بەشـداریی دەکات لـە زانینـی ڕاسـتییەکان، بۆیـە دەبێـت لـە چەمکـی سۆشـیال میدیـا و چۆنیەتـی مامەڵەکردنـی لەگەڵیـدا بکۆڵرێتـەوە، بـۆ مەبەسـتی بەشـداریکردنی لـە گەشـەپێدانی توانــای قوتابییــان و لاوان، و ئاراســتەکردنی شــێوازی بەکارهێنانـی ئـەم پێگانـە و بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاریی سیاسـی و ســوود وەرگرتــن لــە پەخشــکردنی گیانــی بەرپرســیارێتی و چاندنــی بەهــای سیاســی و قووڵکردنــی هەســتی نیشــتمانی و گەشـەپێدانی هۆشـیاریی سیاسـی لـەلای هەمـوو تاکەکانـی کۆمەڵــگا ( أبــو یوســف،٢٠٠١.: ١٥).

**بەشی چوارەم**

**ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان**

**یەکەم: ئەنجام**

١- لـە ئەنجامـدا بۆمـان دەرکـەوت، بەکارهێنانـی سۆشـیال میدیـا ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە گەشـەپێدانی کولتـووری سیاسـیدا هەیـە.

٢- بەکارهێنانــی سۆشــیال میدیــا بووەتــە پێکهاتەیەکــی گرنــگ و کاریگــەر لــە پرۆســەی گەشــەپێدانی کولتــووری سیاسـی و هوشـیاریی سیاسـی لـە نـاو تاکەکانـی کۆمەڵگـەدا.

٣- بەکارهێنانــی سۆشــیال میدیــا بووەتــە پاڵنەرێــك بــۆ ئاگاداربــوون لــە ئاڵوگــۆڕە سیاســی و کولتورییــەکان.

٤- سۆشــیال میدیــا دەخوازێــت پارتــە سیاســییەکان لــە ئاســتێکی باڵاتــر و بەرپرســیارانەتر پەیامەکانیــان بخەنــە ڕوو، و خوێندنــەوەی زیاتریــان هەبێــت لەســەر هەســت و بیرکردنــەوەی تاکەکانــی کۆمەڵــگا.

٥-بەکارهێنانــی سۆشــیال میدیــا وای لــە تاکەکانــی نــاو کۆمەڵــگا کــردووە خوێندنــەوەی وردیــان بــۆ ڕووداوە سیاســییەکان و پێشــهاتە سیاســییەکان، دەستاودەســتکردنی دەســەڵات هەبێــت.

**دووەم: پێشنیازەکان**

١- بەرپرسیاریەتیی پەروەردەیی و زانستی لە ئەستۆی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵادایە، کە بەیەکەوە کار بکەن لە بواری سۆشیال میدیا وەك پەروەردە و خێزان و ڕۆشنبیری و دەروونی و گۆڕانی کولتووری و سیاسی، بۆ ئەوەی سۆشیال میدیا بکرێ بە وێنایەکی گشتی و کاریگەریی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا بە ئاسانی دەرکەون.

٢- لە هەمان کاتدا داواکارین کەوا حکومەت بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکات ساڵانە بۆئەوەی کار و چالاکییەکانیان کەلێنی تێ نەکەون بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی خوێندن و هۆشیاریی لای تاکەکانی کۆمەڵگا.

**سێیەم: ڕاسپاردە**

توێژەران و قوتابییانی خوێندنی باڵا ڕادەسپێرین بە ئەنجامدانی هەمان توێژینەوە لە بواری ڕاگەیاندن و میدیای نوێ (سۆشیال میدیا)، بۆ ئەوەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا لە ڕووی هۆشیاریی سیاسییەوە لای تاکەکانی کۆمەڵگا وردتر دەربکەوێت.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم : سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**


١. ئاشووری، داریوش (٢٠٠٨) کەلتوور چەمک و پێناسەکان، و: کۆسار فەتاحی، چاپخانەی ئەلەند، سلێمانی.
٢. زێباری، تاهیر حەسۆ، شوانی، محمد حوسێن (٢٠١٣) دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
٣. شوانی، هێمن ئەمین (٢٠٢١)، ڕاگەیاند و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چ١، ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، هەولێر.
٤. شوانی. ئەرشد خلیل ( ٢٠١٤)، ڕاگەیاندن و هۆشیاریی سیاسی، چاپخانەی موکریانی، چ١، هەولێر.
٥. شێرزاد نجار،(٢٠٢١)، چۆن سیاسییانە بیر بکەینەوە، چاپ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری گوڵان، هەولێر.
٦. میران، ڕەشاد. (٢٠١٠) چەند بابەتێکی ئیتنۆ - کۆمەڵایەتی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٧. میران، ڕەشاد. (٢٠٠٩) ئێتنۆگرافیا و یەکێتیی ئێتنیکی کورد، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس هەولێر
٨. حاتمی، محمد ڕەزا، و. فکری عزیز ( ٢٠١٥)، بنەماکانی زانستی سیاسەت، هەولێر.


**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**


٩. ابتسام رايس(٢٠١٦)، ابراهيم قائد أحمد(٢٠١٧)، استخدامات والاشباعات وتطبيقاتها على الاعلام الجديد، النسخة الالكترونية، مجلة دراسات وأبحاث، العدد٢٥، الجزائر.
١٠. الكامل، فرج (٢٠٠١). بحوث الاعلام والرأي العالم، تصميمها واجراؤها وتحليلها. القاهرة: دار نشر للجامعات.
١١. الجسور، ناظم (٢٠٠٤)، موسوعة علم السياسة، ط١، الاردن: مجدلاوى للنشر والتوزيع.
١٢. أحمد خواجه ( ٢٠١٧)، المجتمع المدني والمواطنة، حالة المجتمع الافتراضي، تونس.
١٣. العجلوني، الامين عثمان محمود (٢٠١٧) أثر استخدام موقع التواصل الاجتماعي(Facebook) على التمويل الجماعي في المؤسسات غير الربحية في الأردن، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة الشرق الاوسط كلية الاعمال، قسم ادارة الاعمال، الاردن.
١٤. اللاوندي، قحطان حسين (٢٠٢٠)، دور الوعي السياسي في بناء التوازنات الاجتماعية، ورقة بحثية منشورة، على موقع مركز المستقبل للدراسات الاستراتيجية بتارخ ٢٠٢٠/٢/٨، متابع بتاريخ،

٢٠٢٠/٥/٦، عـلى الرابـط التـالي:http://mcsr.net/news٥٤٣ .

١٥. الدليمـي، عبدالـرزاق (٢٠١٤)، اسـتخدامات الشـباب الجامعـي الاردني لمواقـع التواصـل الاجتماعـي اشـباعاتها، النسـخة الالكترونيـة، مجلـة علـوم الانسـان والمجتمـع، العـدد ١٢.

١٦. الحـورس، محمـد (٢٠١٢)، الوعـي والمشـاركة السياسـية لـدى المواطـن اليمنـي، رسـالة ماجسـتر منشـور، جامعـة الـشرق الاوسـط، عـمان، الاردن

١٧. بوخنوفـة (٢٠٠٧)، التلميـذ، المدرسـة، المعلـم و تكنولوجيـات الاعـلام والاتصـال، التمثـل و الاسـتخدامات، أطروحـة دكتـوراه، جامعـة الجزائـر: كليـة العلـوم السياسـية والاعـلام.

١٨. عثـمان، ابراهيـم (٢٠٠٦)، مقدمـة في علـم الاجتـماع، الاصـدار الثالـث، دار الـشروق للنـشر و التوزيـع، عـمان.

١٩. حليلـو، نبيـل (٢٠١٢)، التنميـة والثقافـة السياسـية، أيـة علاقـة، مجلـة العلـوم الانسـانية والاجتماعيـة.ع٨ :. جامعـة قاصـدي مربـاح ورقلـة. الجزائـر.

٢٠. ميـدان، فاطمـة (٢٠١٦)، اسـتخدامات الشـباب لوسـائل الاتصـال الحديثـة: دراسـة ميدانيـة في المؤسسـة التربويـة، مجلـة العلـوم الانسـانية، العدد.١٠.القاهـرة.

٢١. مكاوي،حسـن عـماد، السـيد ليـلى حسـين( ٢٠٠٣)، الاتصـال ونظرياتـة المعـاصرة، مطبعـة الـدار المصريـة اللبنانيـة، القاهـرة.

٢٢. عـلي، أميـة محمـد فـاروق، (٢٠١٢)، علاقـة الصفـوة المصريـة بقنـات النيـل الثقافيـة، ( النسـخة الاكترونيـة)، رسـالة ماجسـتير، جامعـة القاهـرة.

٢٣. عيسـاوي، أحمـد، (٢١٠١٤)، مدخـل الى علـوم الاعـلام والاتصـال، دار الكتـاب، القاهـيرة .

٢٤. أبـو يوسـف، اينـاس (٢٠٠١)، الوعـى سياسـى والانتخـابي لـدى طالـب الجامعـة المصريـة لبحـوث الـرأي العـام، كليـة اعـلام، جامعـة القاهـرة، المجلـد الثـاني، العـدد،١.

٢٥. الغزالي.سـامان، الاحـزاب السياسـية في العـالم الثالـث، الكويـت، عـالم المعرفة.

٢٦. أحمـد جـمال ظاهـر،(١٩٨٨)، دراسـات الفلسـفة السياسـية، دارالكنـدي، عـمان.

### سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

1. Almond، G، & Verba، S. (1989). The Civic Culture: Political Attitudes and Democracy in Five Nations. SAGE Publication، India.
2. Anthony Giddens & Others)2006( ،Essentials of Sociology، Norton Company، Newyork.،
3. Conrad، K، P. (2006). Anthropology، human diversity. The ligroin hill Campaign، New York.
4. Davide، S. M. (1991). Why structural functionalism? London. Marks، Publishing co.
5. Fox، j.، Warber، K.M. & Makstaller، D.(2013) The role of Facebook in romantic relationship development: An exploration of Knapps relational stage model. Journal of Social and Personal Relationships.
6. Ken Heap) 1977(،Group Theory for social Workers، (Universitetsforlaget،Norway).
7. Micheal H.& Carolyn، J.K (2005) Sociology the core، (Megraw Hill، New York.

## الملخص

ان الغرض من هذا البحث التعرف على دور مواقع التواصل الاجتماعي (فيسبوك) وأثرها في تشكيل الوعي السياسي وتبيان مستوى التأثير على تنمية الثقافة السياسية وتحديد أهم دوافع أستخدامها في المجتمع في الوقت الحاضر.

فضلا عن ذالك تتجلى أهمية هذا الموضوع بأعتبار (فيسبووك) متغيرا أصيلا يعكس التفاعل المحوري في اضهار التأثير و حصول تنمية الثقافة السياسية في المجتمع، الى جانب تحديد وتحليل العلاقة بين مواقع التواصل الاجتماعي(فيسبوك) وتنمية الثقافة السياسة والوعي سياسى في المجتمع. وبعد هذا البحث بحثا نظريا يعتمد على المجتمع الوصفي التحليلي محاور البحث، وتوصل البحث الى استنتاجات تحديدة منها:-

١- التعرف على دور وسائل التواصل الاجتماعي (فيسبوك) في تشكيل الوعي السياسي في المجتمع.

٢- تحديد أهم الدوافع وراء استخدام مواقع التواصل الاجتماعي (فيسبوك) في التبادل السياسي والثقافي في المجتمع.

تبيان تأثير مواقع التواصل الاجتماعي (فيسبوك) على تنمية الثقافة السياسية في المجتمع.


**الكلمات المفتاحية: الدور، الفيسبوك، الثقافة، الثقافة السياسية.**


## Abstract

The aim of the current study is to determine the role of social media (Facebook) in creating political awareness and show the level of influence on the development of political culture. Moreover، the study also identifies the most important motives for its use in society. However، the importance of this article is that social media (Facebook) is the main variable in the manifestation of influence and the development of political culture in society. On the other hand، the importance of this study is that it explains the relationship between social media. This research is a theoretical study in which the descriptive analysis method is utilized to:

1. Know the role of social media (Facebook) in creating political awareness in society.
2. Identify the most important motives for using social media (Facebook) in political and cultural exchanges.
3. Show the effects of social media (Facebook) on the development of political culture in society.


Keywords: Role، Facebook، Culture، Political Culture.